

NHS Complaints Advocacy

# رێنمای دەستپێڕاگەیشتن بە پێشینەی پزیشکی

## پێشینەکانی نەخۆش بریتییە لە:

- پێشینەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی نەخۆشخانە.
- پێشینەکانی پەرستاری، و پێشینەگەلێک کە کارمەندەکانی تریNHS تۆماریان کردووە.
- پێشینەکانی کاتی چاوپێکەوتنی پزیشک، دەرمانگا یاخوود نەخۆشخانەکەت.
- پێشینەکانی پشکنینەکانت.
- ناونیشانی چارەسەری، دەواکان، تاقیکردنەوەکان و ئاکامەکانی تر، دیاریکراوەکان، گەڕێندراوەکان و هتد.

## مافی تۆ:

بە پێی یاسای پارێزگاری لە زانیارییەکانی 1998، مافی ئەوەت هەیە پێشینەکانی خۆت ببینیت مەگەر ئەوەی کە:

- پزیشکەکەت دیاری بکات کە ئەم کارە بە خۆت یان بە کەسێکی تر زیانی جیددی دەگەیەنێت.

  **سەرنج:** ئەم بەرهەڵستکارییە دەتوانێت سەبارەت بە هەموو پێشینەکانت بگونجێندرێت و پێویست نیە ئەو بەرهەڵسکارییە بە تۆ ڕابگەیەندرێت. گەر هەر یەک لە پێشینەکانت لەبەر دەستتدا نیە، باشتر وایە لە بەرپرسەکان پرسیار بکەی.

- پێشکەشکردنەکەی ئەوان لە ڕوانگەی دەستەی پارێزراوییەکان یاخوود پزیشکی گشتیەوە بە "هەوڵی نابەجێ" سەیر بکرێت.

  **سەرنج:** هەوڵی نابەجێ پێناسە نەکراوە، بەڵام هۆشداری دراوەتە بەرپرسی پارێزگاری لە زانیارییەکان سەبارەت بە خراپە کەڵک وەرگرتن لەم ڕستەیە بۆ نەهێشتنی دەستپێڕاگەیشتنت بە پێشینەکانی خۆت.

## داخوازی پێشینەکانی خۆت:

- دەبێ بۆ بینینی پێشینەکانی خۆت داخوازی پێشکەش بکەیت؛ زێدە لەگەڵ هەندێ لە دەستەکانی پارێزراوی و پزیشکە گشتییەکان فۆرمێکیان لە بەر دەستدایە کە بۆ ئەم مەبەستە تەیار کراوە و تۆ دەبێ ئەوانە پڕ بکەیتەوە. زۆربەی دەستەکانی پارێزراوی کە سێک وەکوو بەرپرسی لێکۆڵینەوە لەم داخوازییانە دیاری دەکەن.

- پێشینەکان دەبێ لە ماوەی 40 ڕۆژدا لە کاتی داخوازی بینینیانەوە، یان ئەگەر لە ماوەی 40 ڕۆژی ناوبراودا شتێکی پێ زیاد بووە، لە ماوەی 21 ڕۆژدا، لە بەر دەستدا بین.

- ئەگەر لە ماوەی 40 ڕۆژی ڕابووردوودا شتێک بەپێشینەکانت زیاد نەبووبێتن، دەستەی پارێزراوی و پزیشکە گشتییەکان دەتوانن لە جێی پێشکەشکردنی پێشینەکانت تێچوونێک لێ داوا بکەن. ئەم تێچوونە نابێ زیاتر لە 10£ بێت.



- هەروەها ئەم دەستەی پارێزراوی و کلینیکی پزیشکە گشتییەکان دەبێ هەرچی لە نێو پێشینەکاندایە و خوێندنەوەیان دژوارە ، یان ئەوەی کە بە زمانی پسپۆڕانە نووسراوە و ناتوانیت لێی تێبگەیت، شی بکەنەوە.

- گەر کۆپیگەلێک لەم پێشینەگەلەت دەوێ، دەستەی پارێزراوی و کلینیکی پزیشکە گشتییەکان دەتوانن لە جێی تێچوونی پۆست و کۆپی کردن لانی زۆر تا 50£، کە10£ یش لە خۆ دەگرێت، لێتان داواکەن. گەر پێویستتە لەم پێشینەگەلە وەکوو بەڵگە لە سکاڵاکەتدا کەڵک وەربگریت، باشتر وایە چەند کۆپییەکی لێ تەیار بکەیت.

- گەر داخوازی وەرگرتنی پێشینەکانی کەسێکی ترت هەیە، کەسی ناوبراو دەبێ بە نووسراوە مۆڵەتت پێبدات. ئەم خاڵە ئەو دایک و باوکانە لە خۆ دەگرێت کە، منداڵەکەیان دەتوانێت لە بابەتەکان تێبگات، و دەیانەوێت پێشینەکانی ببینن. لە حاڵەتێکدا کە نەخۆشە کە بە هۆی بێ¬هێزی یان نەخۆشییەوە نەتوانێت رێگە بدات، دەبێ راوێژی یاسایی و مۆڵەتنامەی دادگا وەربگرن.

- لە حاڵەتێکدا کە نەخۆشەکە کۆچی دوایی کردبێت، تەنیا نوێنەری تایبەتی ئەو دەتوانێ پێشینەکانی وەرگرێت. زۆرجار نوێنەر پێشکەشکارێک، یان کەسێکە کە دوای کۆچی دوایی نەخۆشەکە بانگەشەی نوێنەرایەتی دەکات، مەگەر ئەوەی کە کۆچ کردوو لە پێشینەکانی خۆیدا داوای کردبێت کە نایەوێت ئەو کەسە دەستی بە پێشینەکانی ئەو رابگات.

گەر پێت وایە پێشینەکان راست نین، دەتوانیت بۆ راستکردنەوەیان داخوازی پێشکەش بکەیت. گەر دەستەی پارێزراوی یان پزیشکی گشتی لە سەر گۆڕانکارییە داخوازییەکانی تۆ رازی نەبن، فۆرمێک تەیار بکە و لە ناویدا بەرهەڵستکاری خۆت پاشکۆ بکە بە پێشینەکانەوە.

هەر جۆرە سکاڵایەک لەم بارەوە دەتوانێت پێشکەشی
بەرپرسی پارێزگاری لە زانیارییەکان بکرێت.

NHS Complaints Advocacy

Advocacy QPM Quality Services

www.nhscomplaintsadvocacy.org

ناوەندی خێرخوازی تۆمارکراو 1076630 بە بەرپرسیارێتی سنووردارەوە 3798884

VoiceAbility

NCAP006 MAR13